# مەرگی شەهید دڵشاد... ساتێک لە ژیانی، وانەیەکە بۆمان



**هاوڕێی شەهید**
**مەلا ئیدریس**
**کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان**
**لقی کەرکوک**

شەهید دڵشاد عەبدوکەریم مەحمود لە ساڵی1965 لە شارۆچکەی (خورماتوو) لەدایکبووە و لە ئامێزی خێزانێکی کوردپەروەر چاوی بە دونیا هەڵهێناوە، شەهید هەرچەندە لە خێزانێکی هەژار و کەم دەرامەت گەورە بووە، بەڵام توانی چالاکانە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی تەواو بکات لە شارۆچکەکەی، پاشان بە هۆی هەستکردنی بە زوڵم و زۆری ڕەفتارە بۆگەنەکانی ڕژێم بەرامبەر بە نەتەوەکەی،بۆیە لە ساڵی 1984 پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە زۆر چالاکانە کارەکانی ئەنجام دەدات و وەکو دابەشکردنی بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە لە شاردا و پەیوەندی بەردەوامی بە گەنجانەوە،بەڵام پاش ماوەیەك ئەو شانەیە ئاشکرا دەبێ لەلایەن ڕژێمەوە،ئیتر ئەوە بوو لە سەرەتای ساڵی 1985 وە شەهیدی جوانە مەرگ دڵشاد پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە تیپی (51)ی

گەرمیان دەبێتە پێشمەرگە،لە ژیانی پێشمەرگایەتی بە هۆی دڵسۆزی و لێهاتووی و باوەڕ پێکراوی لەسەر ئامێری(بێ تەل)ی تیپەکە دادەنرێت و بەشداری لە دەیان داستان دەکات بەبێ تەلەکەی سەرشانی هەموو چالاکیەکان دەگوازێتەوە بۆ هەڤاڵان و سەرکردایەتی لێ ئاگادار دەکات .

شەهید دەشتی کاکی بە کاکی گەرمیان و داریەڵکەکانی ئاوەسپی و مرۆڤە قسەخۆشەکانی گەرمیان کوڕ و کچە بێ نازەکانی پاشماوەی ئەنفال شایەتحاڵی ئەو ڕاستییەن کە چۆن شەهید دڵشاد بروسک ئاسا بە ئامێرە بێ تەلەکەی هەواڵ و چالاکییە نەبەردەکانی شێرە کوڕانی(62)ی گەرمیان و(59)ی حەمرینی دەگەیاند .

دیسانەوە پاش ئەنفال و پێش دەسپێکردنی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ساڵی(1991) پەیوەندی نهێنی دەکاتە مەفرەزە پارتی زانەکانی گەرمیانەوە،کە ئەوسا تاکە هیوای کورد مانەوەی ئەوان بوو ئەدرەوشانەوە ئازادی و باوەڕ بوون بە کوردایەتی لای ئەوان مابوو لە دەڤەرەکە،ئەوە بوو ڕاپەڕین دەستی پێکرد و کاکە دڵشاد جارێکی تر لەگەڵ هەڤاڵەکانی شاخ بەیەك ئاشنا بوونەوە و پێکەوە داکۆکیان لەهەر بستێکی ئەم کوردستانە دەکرد بە تایبەتی شارۆچکە خنجیلانەکەیان کە بەشاری مەرگ،دوژمنان ناوزەندیان دەکرد،خۆشمان بە شاری قوتابخانە کوردایەتی و قوربانی ناوی دێنین،هەر چەندە ئەو شارۆچکەیە ئێستا بێ ناز و بێ باوانە بە مەرجێ تاکو ئێستا بە شەهید دڵشاد و شەهید ناسیحە(362) شەهیدی داوە،جگە لە شەهیدانی قوربانی ئەنفال.

کاکە دڵشاد بەردەوام دەبێت لە کاری ڕێکخستنەکان تاکو ڕووخانی دیکتاتۆریەت لە وولاتەکەماندا و دروستکردنی کۆمیتە و مەڵبەندەکان لە شار و شارۆچکە ئازادکراوەکانمان،دواتر کاکە دڵشاد لە مەڵبەندی (16) ی حەمرین لە خورماتوو بە کارگێری مەڵبەند هەڵدەبژێردرێت،ئەویش بە هۆی بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری بەهێزی کەسایەتییەوە،بەشی پەیوەندییەکانیشی پێ دەسپێردرێت،خۆشبەختانە زۆر سەرکەوتن بەدەست دێنێت،لە کارەکانی ڕۆژانەی کە بە ئەنجامیان دەگەیەنێت،شەهید دڵسۆزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و خۆشەویستییەکی بێ پایانی هەبوو بۆ هاوڵاتیانی شارەکەی و هەردەم لە مشووری چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان بوو بەبێ جیاوازی لە نێوان نەتەوەکان دا ئەوانیش جێگای بڕوا و متمانەیان بوو،جگە لەوەش کاکە دڵشاد کە کادرێکی سەرکەوتوو مرۆڤ دۆست بوو،هەروەها وەرزشەوانێکی لێهاتووش بوو،ماوەیەك بە پەیڤە جوانەکانی لەگەڵ یانەی خورماتوو تاوای لێهات ئەو یانەیەی پێگەیاند و لە ماوەیەکی کورتدا یانەکە گەیشتە ئاستی پلە یەك،کاتێك کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانیش دروست

بوو له لق و لیژنه قەزاکان هەڵدەبژێردرێت و بە بەرپرسی لیژنەی قەزای (دووز– داقوق)ی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان دادەنرێت وە بەشداری لە کۆنگرەی یەکەمی پێشمەرگە دێرینەکانیش دەکات .

شەهید دڵشاد جگە لەوەی کادرێکی دڵسۆز و لێهاتوو بووە لە سەرجەم بوارەکاندا مرۆڤێکی خۆڕاگر و چاونەترس و بەوەفاش بووە بۆ هاوڕێ و هەڤاڵەکانی خەمخۆری کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوەکان بووە،دۆست و باوەڕ پێکراو لایەنە حیزبی و نەتەوەکان بووە،ئارەزووی هەمیشە پێکەوە ژیانی نەتەوەکان بووە،هەموو ڕەنگەکانی دەبینی بەبێ جیاوازی زۆر بوێرانە دژایەتی گەندەڵی دەکرد هەر بۆیەش خۆشەویستی هەمووان بوو،ئەو ڕاستیەش پاش شەهیدبوونی دەرکەوت کە چۆن نوێنەری هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکان و خەڵکی شارەکە بە هەموو ڕەنگ و نەتەوەکانەوە شەهیدبوونی بە کۆستی خۆیان دادەنا،بەڵێ کۆست بوو بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەڤاڵانی شارەکەی و هاوسەنگەرانی،بۆیە هەرچەند بنووسین لە ئاستی مەزنی ئەو مرۆڤە هەر کەمە و کۆتای پێ نایە،قەڵەمەکان لاڵ دەبن لاپەڕەکان بەش ناکەن،ووشەکانیش لە غەم دا قەتیس دەبن،بەڵام مخابن سەدان جار بە غەم و پەژارەیەکی زۆرەوە ئێوارەی ڕۆژی سێ شەممە(2008/6/3) بە دەستێکی ڕەشی ناحەزانی ئازادی و پێکەوە ژیان کۆتاییان بە ژیانی کاکە دڵشاد و کاکە ناسیح هێنا بەڵام کاروانەکەیان ناوەستێت بە شەهید بوونیان بەڵکو دەبێتە چرایەکی پڕ ڕووناکی بۆ هەڤاڵانی و ڕێبازەکەی و سەروەرییەکی دیکە لە مێژووی پڕ شکۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و گەلەکەی تۆمار دەکا ولەگەڵ شەهید نازمە بچکۆل و کاکە حەمە دووزی و شەهید مەجید و کاکە سوارە و شەهید ئازاد و شەهید مستەفا و کاکە بورهان و دەیان شەهیدی تری ڕێبازی کوردایەتی باسی گۆڕانکارییەکانیان بۆ دەکات،باس لە حکومەت و پەرلەمان و غەمی کەرکوك و برینی حەمرین و ژانی خانەقین و شەنگاریان بۆ دەکات،هەواڵی ڕاپۆرتەکەی دی مستۆ و بێ سەلیقەی دۆستەکانمان دەکات و باسی خۆشباوەڕی کوردان دەکات و سکاڵای مناڵەکانی پێشمەرگەی پارتیزان و شەهیدی نان(مامە قالە کفری) بە کاکە حەمە ڕەش دەگەیەنێ، ئەوانیش باسی سەروەری و ڕۆژانی سەختی شاخ و خۆشەویستی و یەك ڕیزی دەکەن باسی بیرەوەری و پەندەکان دەکەن و دەڵێن (بۆ پاپۆری گەورە،کونی بچوکیش مەترسیدارە) بەڵێ ئەوان باس دەکەن ئێمە نەبووین ئەوان لە ژیاندا بیری جوانیان دەکردەوە و ئێستاش ویژدانیان زیندووە و خۆنەویست و غەمخۆری گەل و ڕێبازەکەیان بوون،ئەوان جوانتر بوون.